## پاش ڕووداوەکانی ماوەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# عەبدوڵڵای موهتەدی: گۆڕان لە ئێراندا هەر دەبێ ڕوو بدات جا زووبێت یان درەنگ

سازدانی: زادگە



بەڕێز ( عەبدوڵڵای موهتەدی )

**پاش ئەوەی هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵات گۆڕانی بەخۆیەوە بینی، بە باشمان زانی بۆ ئاگاداربوون لەو بارودۆخانەو هەلومەرجی بابەتی ئێستای هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، بەڕێز ( عەبدوڵڵای موهتەدی ) سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ( کۆمەڵە ) بدوێنین:**

**زادگە: هەموومان ئاگادارین بارودۆخەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆز بوونی بەخۆوەبینی بەتایبەتی لەدوای کارەساتی یەکی شوبات جموجوڵی سیاسی تیادا بەدی دەکرێت تۆ لێکدانەوەت بۆ ئەو بارودۆخە چییە و چۆن ئەم قۆناغە هەڵدەسەنگێنی؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** مانگی ڕابردوو کوردستانی ئێران شاهیدی دوو ڕووداوی گەورە بوو کەگەر بیخەیتە سەریەك قۆناغێکی تازەی لەخەباتو تێکۆشانی سیاسی خەڵکی ئەو پارچەیەی کوردستان هێناوەتە ئاراوە، یەکیان ئەو بیکۆتە سەرتاسەریو گشتییە بوو کەخەڵکی کوردستانی ئێران کردیان سەبارەت بەمەسەلەی هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شورای کۆماری ئیسلامی ئێران.

دووەمیان: ئەو شاییو خۆشییە جەماوەرییە بوو کەلەزۆربەی هەرەزۆری شارەکانی کوردستانی ئێران بەرپا کرا بەبۆنەی پەسەندکردنی یاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقو دانی مافی فیدراڵی بەکوردستانی عێراق کەزۆر زوو بوو بەخۆپیشاندانی گەورە لەهەموو شارەکان ئەم دوانە دوو ڕووداوی زۆر گەورەن کەدیارە لەپاڵ ئەوەدا گرتنی جەژنی نەوڕۆز کە لەچەند ساڵی ڕابردووەوە بۆتە بەشێك لەخەباتی سیاسی کوردستانی ئێران ئەوەش زیاد دەکەم بۆ سەر ئەو دووانەو ئەوەی سەبارەت بەهەڵبژاردن دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە سەرجەم لەئێران ڕێژەیەکی کەم بەشدارییان لەدەنگدانەدا کرد، بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران لەتاراندو ناوەندی ئوستانەکان ٣٠٪ ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بەشداریان کردووە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نییە، بەڵام لەکوردستان زۆر زۆر لەوە کەمتر بوو، جیاوازی کوردستان لەگەڵ تەواوی بەشەکانیتری ئێران سەبارەت بەهەڵبژاردن لەوەدا بوو ئەگەر لەئێران بەشداری نەکردنی خەڵك جۆرێك بوو لەدلساردبوونەوەیان لەریفۆرمخوازەکانو بەمانای ئەوە بوو پێیان وابوو دەنگدانی ئەوانو چوونیان بۆ سندوقەکانی دەنگدان کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی سیاسی وڵات نابێت، لەکوردستان بەپێچەوانەوە دەنگ نەدانەکە شتێکی ئاکتیڤ بوو، کەهەزاران تێکۆشەری سیاسی لەگەنجو ڕوناکبیر کەهەن کەوتنە نێو خەڵكو ماڵانو شوێنی کارو خوێندنگەو کوچەو کۆڵانەکان کاری سیاسیو ڕۆشنگەرانەیان کرد بۆئەوەی خەڵك نەچن بەشداری بکەنو مەسەلەی هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم لەکوردستان وەکو جۆرێك لەملململانێیو بەربەرەکانێی گەورەی سیاسی نێوان خەڵكو حکومەت بوو لەکوردستان وەخەڵك سەرکەوتن و بەدڵنیاییەوە ١٠٪ ی خەڵك بگرە کەمتریش بەشداری کردووە لەو هەڵبژاردنەدا ئەویش زۆربەیان کورد نین بەڵکو ئەو هێزانەن کەحکومەت هێناونیو خەڵکی دەرەوەی کوردستانن، دووەمیان ئەو هاوپشتیو هاوخەباتییە بوو کەدەریان بڕی بەشێوەی شاییو خۆشیو بڵاوکردنەوەی شیرینیو جەژنو هەڵپەڕکی لەشارو گوندەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ئەوەی کوردستانی عێراق فیدراڵی وەرگرتووە، هێزەکانی پۆلیسی ئێران لەزۆربەی شارەکان کێشایە توندوتیژی هەربۆیە لەزۆر شوێن بووە خۆپیشاندانی جەماوەری کەئەمە چەندین شتی نیشان دا، یەکەمیان: ئەو هاوپشتیو هاوخەباتییەی نیشاندا لەنێوان کوردی باشوری کوردستانو ڕۆژهەڵات کەئەمەیان بەخۆیانو دونیا نیشاندا، دووەمیان: دەبێ ئەوە بزانین کێشەی کوردی ئێران بەقەد کێشەی کوردی عێراقو تورکیا ناسراو نییە لەبەرئەوە ئەم خۆپیشاندانانە کارێکی وایکرد کێشەی کورد لەئێرانیش لەئاستی جیهانیو ناوچەییدا بەرز بێتەوە، کەدڵنیام سەران بەڕێوەبەرانی گەورەی حکومەتی ئیسلامی ئێرانی پێ چۆتە فیکرەوەکە چی بکەن؟ وەبەنیسەت ئەوەی ئایندە چۆن دەبێت هێشتا ڕوون نییە بەڵام دوو ڕێگا لەبەردەم کۆماری ئیسلامی ئێرادا هەیە: ئایا بەتایبەتی دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنەکاندا باڵی پاوانخوازو پارێزگارەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێتە سەرکوتاندنەوەی خەڵك و زەبرو زەنگو لێدانو کوشتنو تۆقاندن یان جۆرێك لەنەرمو نیانی لەخۆی نیشان دەدا، هێشتا دیار نییە بەڵام کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچنەوە قاڵبی خۆیان چونکە باوەڕ بەخۆبوونیان پەیدا کردووەو خۆیان ناسیوەو مافەکانی خۆیان ناسیوە.

**زادگە: دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین کەئایا ئەو شاییو ئاکسیۆنو خۆپیشاندانانەی کەلەماوەی ڕابردوودا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو کارێکی بەرنامە بۆ دانراو بوو یان بەشێوەیەکی عەفەوی ڕوویاندا، ئەگەر بەرنامە بۆ دانراو بوو سەنگی کۆمەڵە تاچەند بوو لەبەڕێخستنی ئەو بزوتنەوەیەدا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** هەرکام لەوانە جیاوازە بۆ مەسەلەی بیکۆتی هەڵبژاردنەکە ئەوەتا ڕادەیەکی زۆر بەرنامەی تێدا بوو، ئێمە لەچەند مانگ بەر لەئێستا بەهەوڵێکی فراوانی سیاسیو کاری ڕاگەیاندنو هاندانی هەڵسوڕانی خۆمان بۆئەوەی بچنە ناو خەڵكو کۆڕو کۆمەڵ ببەستن، کەبێگومان کاریگەرییەکی زۆری هەبوو ئەمە سیاسەتێکی بەئاگایانەی خەڵكو توێژی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان بوو، بۆ مەسەلەی نەوڕۆز، دیارە لەچەند ساڵ لەوەو پێشەوە وردە وردە نەوڕۆزو تەقینەوەی سیاسی لەنەوڕۆزدا بۆتە بەشێك لەفەرهەنگی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەکوردستانی ئێرانو ئێمەش دەورمان هەیە تیایدا، بەڵام بۆ مەسەلەی خۆپیشاندانەکان کەخەڵك هاتنە دەرەوە هیچ کەس چاوەڕوانی نەکردبوو، هیچ کەس وەکو حیزب ئێمە یان کەسیتر بەرنامەی بۆ دانەڕشتبوو، بەڵام هەڵیە پێت وابێت ئەو هەورە تریشقەیە لەئاسمانێکی سافو بێ هەوردا ڕوویداوە، ئەو هەورانە ساڵەهایە کۆدەبنەوە تا ئەو ڕۆژە ئەو هەورە تریشقەیەی لێ ڕاساو ئەو دەنگدانەوەی بوو، چەند ساڵە خەباتێکی ڕۆشنبیریو سیاسیو چڕوپڕ لەقوڵایی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوەدەچێ کەئێمە ساڵەهایە لەوبارەیەوە دەدوێینو ساڵەهایە هەستی پێدەکەینو بەگوێرەی توانای خۆمان دەستمان گرتووەو یارمەتیمان کردووە، ئەگەر ئەم پێگەیشتنو کارە سیاسیو ڕۆشنبیرییەی دە ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی سێ چوار ساڵی ڕابردوو نەبوایە هەرگیز ئەو کارە لەناکاوە نەیدەتوانی ئاوا ڕووبدات واتە ئەمانە زەمینەیان بۆ خۆش کردبوو، بەڵام وەکو یەك ئاکسیۆنو یەك بزوتنەوەی ئەو ڕۆژە نەخێر بەرنامەی بۆ دانەنرابوو.

**زادگە: بەبۆچوونی تۆ هاوکات بوونی تەقینەوە سیاسییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای کوردستان هێمایەك نییە کەهێزە دەرەکییەکانی ڕۆڵو سەنگیان هەیە لەهاندانو دروستکردنی ئەو تەقینەوە سیاسییانەدا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** من دەستی دەوڵی تیا نابینم ئەگەریش بووبێ بەگرنگی نازانم، ئەو شتەش کەلەپشت خۆپیشاندانە گەورەکانەوە هەیە هەم لەشارەکانی کوردستانی ئێرانو هەم لەقامیشلی و شارە کوردنشینەکانی سوریا هەردووکیان ڕەنگدانەوەی واقیعیەتێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئەویش ئەوەیە کورد نەتەوەیەکی دابەشکراوە لەنێوان چەند دەوڵەتداو ئەم ڕووداوانە دەرخستنی ئەو واقیعەتە بووە، دەرخستنی هەستی هاوبەشو هاوپشتیو کێشەی هاوبەشی کورد بوو لەهەموو پارچەکان.

**زادگە: بەشێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنو لەناویدا ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەئاستی پێویست دا دانەبوون بۆ گواستنەوەی وردەکارییەکانی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات، ئایا ئەمە هۆکاری تەکنیکی لە پشتەوە یان جۆرێکە لەخەمساردی؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** لەڕاستیدا گەرئەمە گلەیی بێت ڕەنگە گلەیی ئێمە بێت لەمیدیاکانی ئەمدیوی کورستان، ئێمە خۆمان نەك سەعات بەسەعات بەڵکو دەقیقە بەدەقیقە ڕاپۆرتمان پێ گەیشتووەو لەجەرگەی خۆپیشاندانەکانەوە بەتەلەفۆنو بەشێوەیتر ئاگاداربووینو وردەکارییەکانمان زانیوە لەڕێگەی ئیمەیلو نامەو هاتوچۆوە ئاگاداربووینو تارادەیەکیش ئەوەی توانیومانە بڵاومان کرۆتەوە بەڵام سەرجەم دەتوانم بڵێم کاتی ئەوەی هاتووە کەحزبەکانی کوردستانی عێراق بەڕاشکاوییەکی زۆرترەوە دەنگی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاوبکەنەوەو ئەو پشتیوانییە نیشان بدەنو هەر ئەو جۆرەی بەحەق جێگەی خۆی بوو کەلەکوردستانی سوریا کردیان.

**زادگە: وەکو سەرکردەیەکی سیاسی لەبارودۆخی ئێستای کوردستانی ڕۆژئاوا چاوەڕوانی چ پێشهاتێکی سیاسی گرنگ دەکەیت؟ مەبەستمە بپرسم دەوڵەتی سوریا تاچەند دەتوانێ بەوشێوە توندوتیژە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردا بکات؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** بەداخەوە تائێستاش لەو شێوەیە بەردەوامەو ئێمە کاتی خۆی ڕاگەیاندنمان لەسەر دەکردو مەحکومان کردو سەرەخۆشیمان کرد لەقوربانیانی ئەو ڕووداوە، وەئەو دەستدرێژییانەی کەکرا بووە هەم سەرماڵو حاڵیان هەم گیانو کەسایەتی کورد لەو پارچەیەی کوردستان بەتاوان زانی و بەتاوانی دەزانینو داواکاری ئەوەین کەئەو دەستدرێژییانە کۆتایی پێ بێتو ئێمە پشتیوانی دەکەین لەو داخوازییانەی کەحزبە کوردییەکانی سوریا ڕایانگەیاندووەو داوا دەکەین ئەو کەسانەی کەدەستیان لەو تاوانانەدا هەبووە بەسزای خۆیان بگەن، داوا دەکەین کەپێداچوونەوەیەکی جدی هەبێت لەسیاسەتی دەوڵەتی سوریادا بەشێوەیەك کەمافی مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسی کوردی ئەوێ بەڕەسمی بناسێو خۆشمان بەهاوپەیمانو دۆستیان دەزانین.

**زادگە: لەدەست پێشخەرییەکی گرنگ دا کۆمەڵە بانگهێشتی حزبە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد بەمەبەستی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی ئایا هیچ نزیك بوونەوەو هەنگاوی بەکردار هەیە بەو ئاراستەیەدا؟ وە لەبەشی دووەمی پرسیارەکەدا دەپرسم پێتان وا نییە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە پێویستی بوونی بەرەیەکی هێناوەتە ئاراوە ئەگەر نا بەرپەرشو بڵاوی هیچ ناکرێ؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** ئێمە نزیکەی ساڵێکە پێشنیاری دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانیمان لەکوردستانی ئێران ڕاگەیاندووەو لەگەڵ حزبو گروپە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانو ڕۆشنبیرانو کەسایەتی سیاسیەکانو ڕای گشتی هێناومانەتە گۆڕێ، و دانیشتنی سیاسیمان لەسەر کردووە بۆ نموونە چەندین کۆڕو سیمیناری بۆ بەستراوە لەدەرەوەی وڵاتو پێشوازی باشی لێکراوە لەلایەن حزبەکانو ڕۆشنبیرانو ناوخۆی کوردستانی ئێران، لەگەڵ حزبو گروپە سیاسییەکانیشدا دانیشتنمان بووە لەوانە لەگەڵ حزبی دیموکرات چەندین کۆبوونەوەمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو ئەنجامەی نەبووە کەئێمە چاوەڕوانی دەکەین هێشتا بەدەست نەهاتووە، بەڵام دیسان ئێمە لەسەری دەڕۆینو ماندوو نابینو کۆڵیش نادەین چونکە پێمان وایە ئەمە پێویستییەکە کەدەبێت هەر بکرێت، ئەمڕۆش نەبێت دەبێ سبەینێ بیکەین، و پێکهێنانی ئەم بەرەیە لەبەر زۆر هۆ پێویستە یەکێك لەوانە لەپرسیارەکەی جەنابتدا هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا یان ڕۆژئاوا بیانەوێ شتێ بکەن دەرهەق بەمەسەلەی ئێران بەگشتیو مەسەلەی کوردی ئێران یان بەهەر جۆرێك ئاڵوگۆڕی سیاسی لەئێران ڕووبدات، ئایا لەحاڵێکدا حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جۆرێك یەکگرتنو بەرەیەکی هاوبەشیان نەبێ تووشی کێشەو گێرە نابن لەگەڵ یەکترو هەموو دەستکەوتەکان پێشێل نابێت؟ بێگومان وایە هەربۆیە ئێمە پێمانوایە پێش ئەوەی ئاڵوگۆڕ لەئێرانو کوردستانی ئێران ڕووبدات ئەم بەرەیە پێك بێتو ئێمە بەردەوامین لەهەوڵەکانی خۆمان بۆ ئەو مەبەستە.

**زادگە: پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەمریکا چۆنە، بەتایبەتی دوای چەك کردنی حزبی کۆمۆنیست لەهاوینی پاردا دەنگوباسی ئەوە زیاتر پەرەی سەند کەکۆمەڵە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەمریکا پەیدا کردووە؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** ئەوانە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کەئۆردوگایەکیان هەیە کاتێکیش چەك کران بەتایبەتی چەك نەکران بەڵکو چەکە قورسەکانیان لێسەندنەوەو کاتی خۆی (هاری شوت) و کاربەدەستانی ئەمریکا بەگوێرەی یاسای خۆیان داوایان لەهەموو حزبە کوردیەکان کردبوو کەچەکە قورسەکان بدەنەوەو کەلەوانیان سەندۆتەوە نازانم ئەمە پەیوەندی بەچییەوە هەیە چونکە ئەوە شتێکی گشتی بوو لەهەمووانیان داوا کرد.

بەڵام ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ئێمە وەکو نوێنەری گەلی کورد لەکوردستانی ئێران ئەرکمانە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کەپێمانوایە کاریگەرییان لەسەر ناوچەکەو ئێرانو کوردستان هەبێت پەیوەندیمان هەبێت ئەگەر زەرەرو زیانیان هەیە هەوڵبدەین کەمی بکەینەوە وەئەگەر دەتوانین لەبەرژەوەندی خەڵکدا کەڵکیان لێوەربگرین ئەرکی سەرشانمانە بیکەین، وەئێمە پێویستمان بەوە هەیە کەدەنگی ئەم بزووتنەوە ڕەوایە بەدنیاو ڕای گشتیو دەوڵەتانو ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان ڕابگەیەنین، ئەمریکاش یەکێك لەوانەیە جێی خۆیەتی کەئەو پەیوەندیەمان هەبێت بەڵام ئەمریکا تائێستا بەگشتی هیچ کارێکی ئەوتۆی بەرامبەر بەئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نەکردووە مەگەر لەمەوبەدوا کەرەنگە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت.

**زادگە: کۆمەڵە دروشمی فیدراڵی بۆ ئێران بەرز کردۆتەوە و داوای یەکێتی ئارەزوومەندانەی گەلانی ئێران دەکات لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ئایا ئەمە کاریگەریی دۆخی باشورە یاخود دەرەنجامێکی سیاسییە کەلەدەرەنجامی ئەزموونەکانەوە پێی گەیشتوون؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** شێوازی فیدراڵی بۆ دارشتنی قەوارەی سیاسی دەوڵەتی ئێران زۆر گونجاوترە لەفیدراڵی بۆ عێراق، عێراق دوو نەتەوەی سەرەکی تێدایە ئێران شەش نەتەوەی تێدایە کەئەم شەش نەتەوەیە هەر کامیان خاكو وڵاتی خۆیان هەیە، ئەمانە بریتین لەئازەربایجانی، فارس، کورد، تورکمان، عەرەب، بلوچو ئێران وڵاتێکی زۆر پانو بەرینەو جوگرافیایەکی زۆر گەورەی هەیە، ژمارەی دانیشتوانی زۆرە کەخەریکە لە ٨٠ ملیۆن کەس نزیك دەبێتەوە، بەچ شێوەیەکیتر جگە لەفیدراڵی ئەمانە دەتوان بەیەکەوە بژین؟ ئەگەر مافی هەرکام لەم نەتەوانە دابین نەکرێت ئەمە تۆوی شەڕی ناوخۆی ئێرانە بۆ سبەی ڕۆژ لەبەرئەوە پێمانوایە پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی ئێران بەشێکی جیانەکراوەی هەیە ئەویش فیدراڵیزەکردنی ئێرانە، فیدراڵی ئێران پێش مەرجێکە بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران، تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر مافی گەلی کورد ئەمە باشترین شێوەیەکە بۆدەستەبەرکردنی مافی کورد لەئێران.

کۆمەڵە یەکەم حزب بووە کەتائێستا شیعاری فیدراڵی هێناوەتەگۆڕێو خۆپیشاندانەکانی چەند هەفتەی ڕابردوو فیدراڵی لەشیعاری نوخبەوە کرد بەدروشمی جەماوەرو چووە نێو کۆمەڵانی خەڵك، لەئێرانیش زۆر کەس هەن لایەنگری لەفیدراڵی دەکەنو وردە وردە خەڵکانی سیاسیو پێشکەوتووخوازو دیموکراتی ئێرانی بیر دەکەنەوە کەئەمە تەنیا ڕێگا چارەیە بۆ کێشەکانی ئێران، من شانسێکی گەورە دەبینم بۆ دروشمی فیدراڵی لەئایندەی ئێراندا.

**زادگە: بزووتنەوەی گەلی کورد لەڕۆژهەڵات لەتوانایدا هەیە بەبێ هاوکاری هێزی دیکەی دەرەکی چۆك دابدات بەکۆماری ئیسلامی تاددان بنێت بەمافی گەلی کوردا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** حکومەتی ئیسلامی ئێران تەنیا بەکورد ناڕوخێو ئەوەش هەڵەیە کەتەنیا کورد بەریە شەڕی مانو نەمان لەگەڵ حکومەتی ئێران پێش هەر شتێك ئەرکی ئاڵوگۆڕی سیاسی لەئێران دەکەوێتە ئەستۆی جەماوەری فراوانی خەڵکی ئێران، دەکەوێتە ئەستۆی هەموو ئەو خەڵکەی کەڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دوور دەکەونەوە لەکۆماری ئیسلامیو لێی بێزارنو بێگومان ڕۆژێك لەڕۆژان دەبێت ئیرادەی خۆیان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە نیشان بدەن، کوردیش لەوەدا بەشداری دەکات، لەهەمان کاتدا کورد داوا ویستو داخوازی تایبەت بەخۆی هەیە کەلەپرۆسەی ئەو تێکۆشانەدا بەرجەستەی دەکاتەوەو بەدنیایان نیشان دەدا، وە بەڵێ هۆکاری نێو نەتەوەییو ناوچەیی کاریگەرییان هەیە جاری وا هەیە کاریگەری سلبی هەیەو جاری وایش هەیە ئیجابی کەئەگەر کۆماری ئیسلامی بتوانێت بەجۆرێك سازش لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمریکا بکات بێگومان کاری خەڵکی ئێرانو کوردستان دژوارتر دەکات، و من لەو باوەڕەدام ئەم حکومەتە نەگونجاوە لەگەڵ سەردەمو نەگونجاوە لەگەڵ ویستو ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەر دەبێت بڕوات وەگەر ئێستاش سازش بکات تاسەر نەبێ و کاتییە.

**زادگە: ئەگەر لەبارودۆخێکدا کەتای تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوەی کوردا کشاو کۆماری ئیسلامی ئێران داوای گفتوگۆی لەئێوە کرد ئایا ئێوە قبوڵی دەکەن یان کەقبوڵی دەکەن چ مەرجێکتان هەیە بۆ ئەو گفتوگۆیە؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** نەئێمە نەکورد بەگشتی هەرگیز ڕێگا چارەی سیاسیو هێمنانەمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕەت نەکردۆتەوە ئەمجارەش ڕەتی ناکەینەوە، بەڵام ئێمە ئاسۆیەکی گەش بۆ گفتوگۆ نابینین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا، وەئەگەر گریمان ئەوان داوای گفتوگۆیان کرد ئێمە مەرجمان هەیەو یەکێکیش لەمەرجەکان ئەوەیە ئەم گفتوگۆیە گفتوگۆیەکی ڕەسمی ڕاگەیاندراو بێتو لەژێر چاودێریی ناوەندێکی نێو نەتەوەیی دا بێت.

**زادگە: زۆرێك لەچاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەزموونی کوردستانی عێراق سەرکەوتووە لەگەڵێك ڕەهەندەوە تاچەند پێت وایە دەکرێ هەمان ئەزموون بگوازرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئایندەدا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** بێگومان ئەزمونی کوردستانی عێراق هەم دەتوانی کەڵکی لێوەربگریت بۆ تەواوی شوێنەکانی تری عێراقو بۆ کوردستانی ئێرانیش دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین دیارە بەلایەنی چاکیو خراپییەوە، لەچاکەکانی جۆرێك دەرس وەربگرینو لەلایەنە کزییەکانی جۆرێکی تر دەرس وەربگرین بەبڕوای من کوردستانی ئێران ئامادەیی زۆری هەیە بۆئەوەی تەجروبەیەکی دیموکراسی ببینێو لەوە کەمتر بەهیچ شتێکیتر ڕازی نییە.

**زادگە: خوێندکاران شەریحەیەکی ئاکتیڤو ڕۆڵیان هەیە لەتەواوی ئاڵوگۆڕە سیاسیو کلتووریو فەرهەنگییەکاندا ڕۆڵی خوێندکاری کورد لاوازە لەبزووتنەوەی سەرتاسەری خوێندکارانی ئێران تۆ هۆکارێکی ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** خوێندکاری کورد لەبزوتنەوە خوێندکارییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی ئێران زۆر چالاك بووەو لەدوو سێ بواردا خۆی نیشان داوە کەنابێ نادیدەی بگرین، یەکەم، لەبزوتنەوەی خوێندکاری سەرتاسەری ئێراندا خوێندکارە کوردەکان چالاك بوونو لەڕیزی پێشەوە بوونو هاوبەشی پێشڕەوو ڕادیکاڵی ئەو بزووتنەوەیە بوون، دووەمیان، لەبواری ڕۆشنبیرییدا خوێندکاری کوردی ئێرانی هەنگاوی چاکیان هەڵهێناوە لەم چەند ساڵەدا بەڵام ئەمە نابێ بەوەی کەلایەنی کزییان نەبینرێ، پێمانوایە کەبۆ خوێندکاری کوردی ئێرانی کاتی ئەوە هاتووەڕاشکاوترو ڕاستەوخۆترو ڕێکخراوتر بێتە مەیدانی چالاکییەوە.

**زادگە: قۆناغی ئێستا قۆناغی خەباتی چەکداری نییە بەقەدەر ئەوەی قۆناغی خەباتی جەماوەری ڕاستەوخۆیە ئێوە چۆن دەتوانن خەباتێکی جەماوەری بەرفراوان بەڕێ بخەن لەڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** ئەولەویەتی ئێمە خەباتی سیاسیو جەماوەرییە لەکوردستانی ئێران وەپێمانوایە ئەوە بۆ سەردەمی ئێستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ ئێمە زۆرترین کار لەسەر خەباتی جەماوەریو هەموو شێوەکانی خۆڕێکخستن دەکەین لەکرێکارانو ژنانو خوێندکارانەوە بگرەتا دەگات..

بە خەباتی نهێنیو خەباتی ڕۆژنامەگەری خۆپیشاندانە گەورەکان تا دەگاتە ئاستی ڕاپەڕینێکی جەماوەری، ئێمە زۆرترین کار لەسەرئەوە دەکەین بەڵام لەپاڵ ئەوانەشدا خەباتی چەکداری بۆ کاتی خۆی پێویستە و کاتێ تۆ بەمافەکانی خۆی نەگەیشتووی خۆت چەك مەکە بەڵکو خۆ چەك کردن بهێڵەوە بۆ کاتێکی دیکە کەدڵنیابوویی کەبەهەموو مافەکانت گەیشتووین.

**زادگە: کۆماری ئیسلامی هەرگیز دانی بەمافەکانی کورددا نەناوە پێت وانییە لەم قۆناغەدا لەژێر ئەو فشارەی لەسەریەتی ڕێگای گفتوگۆ دەگرێتەوە بەر لەگەڵ کورداو ناچار دەبێ مل بدات بەداخوازییەکانی گەلی کورد؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** نەخێر پێمانوا نییە، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی خەڵك فراوان بێتەوە، ئەگەر لەهەموو ئێران تەنگی پێ هەڵچننو بزووتنەوەی کوردیش گەورەتر بێتەوەو پشتیوانی ناوچەییو جیهانی هەبێت، جاری تریش هەبووە کەجامی ژەهرییان خواردۆتەوە ڕەنگە ئەمجارەش جامە ژەهرێکیتر بخۆنەوەو ناچاربن بەوتوێژو گفتوگۆ، بەڵام لەحاڵی حازردا من ئەوە نابینم.

**زادگە: کاتێ ڕژێمی بەعسی ڕوخاو دوو سەرکردەکەی کورد لەباشور بەبێ پرۆژەییو پەرشو بڵاوییەوە چوونە ناوەند ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی بە پرۆژەو گوتارێکی یەکگرتووە بچنە شەڕێکی دیپلۆماسییەوە لەئێرانی داهاتوودا؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** بەڵێ هەم حزبی دیموکرات پرۆژەی لەم بارەیەوە هەیە، هەم ئێمە هەمانەو هەردوولا پێشکەشمان کردووە بەیەکتریو خەریکی لێکۆڵینەوەین لەسەر ئەوە وئێمە وەك کۆمەڵە پێمانوایە پێویستییەکی حەتمییە کەبەپلاتفۆرمێکی هاوبەش بگەینو ئەو پلاتفۆرمەش مافەکانی گەلی کورد وەکو نەتەوەیەك کەچی داوایەکی هەیە لەحکومەتی مەرکەزی فۆرمۆڵە بکاتو مافی شارۆمەندانو مافە دیموکراتیەکانی خەڵکی لەنێوخۆی کوردستان بچەسپێنێو دیاری بکات، پەیوەندی نێوان حزبەکان دیاری بکات، ئەم چەند تەوەرە سەرەکییە دەبێت لەپلاتفۆرمەکە هەبێتو ئێمە لەسەر ئەوە سوورینو هەردوولا خەریکی لێکۆڵینەوەین لەسەر ئەوە.

**زادگە: وا دیارە زۆر دڵنیان لەوەی گۆڕان لە ئێراندا ڕوو بدات؟**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** گۆڕان هەر دەبێ ڕوو بدات، جا درەنگو زووی کەوتووە.

**زادگە: لە کۆتاییدا، سوپاسی سەرکردەی سیاسیو سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان بەڕێز ( عەبدوڵڵای موهتەدی ) دەکەین.**

**عەبدوڵڵای موهتەدی:** سوپاس.